## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١١١) لە ٢٠٢١/٩/٨

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٤) لە ٢٠٢١/٩/٨، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندكردنی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای (سەرپەرشتیكردنی پڕۆژەكانی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان-عێراق) بە ڕەچاوكردنی ئەو گۆڕانكاریيانەی لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام دران.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان بۆ ئاڕاستەكردنی پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە، لە دوای هەمواركردنەوەی گۆڕانكاريیان، بۆ پەرلەمانی كوردستان بە مەبەستی تەشریعكردنی.

مەسرور بارزانی
سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران